# هەندێك لە سوودەكانی ژن هێنان

وەرگێرانی: م/ صلاح الدين عبدالكريم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ژن هێنــان ســودو شــوێنەواری دینــی و دونیایی زۆری هەیە لەوانە:

١-خوای گـەورە منـەتی كـردووە بەسـەر بەندەكانیدا بەژن هێنانیان، دەفەرموویێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِــنْ أَنْفُســكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَــوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ [الروم: ٢١] .

واتــە: یــەكێك لــە نیــشانەكانی توانــاو دەستەڵاتی خوای گـەورە ئەوەیـە كـە لـە خۆتــان (لــە ئــادەم حــەوای دروســت كردووە) خێزانی بـۆ دروسـت كـردوون تـا لەلای ئەو جێنیشین بـن وبحەوێنـەوە، وە خۆشەویـستی وسـۆز و بـەزەیی خـستۆتە نێوانتانەوە.

هەروەها ئافرەتی داناوە بە پۆشاكی پیاو كە دەفەرمووێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْــتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ [البقرة: ١٨٧] .

واتە: ئـەوان پۆشـاكن بـۆ ئێـوەو ئێـوەش پۆشاكن بۆ ئەوان.

٢- ژن هێنــان ســوننەتی پێغەمبەرانــە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً﴾ [الرعد: ٣٨].

واتــە: ئــەی محمــد ﷺ لــەپێش تــۆدا چەندەها پێغەمبەرانمان نـاردووە بـۆ لای نەتەوەكانیان، وەخێـزان و منـداڵمان پـێ بەخشیون.

وە خوای گەورە باسی موسی ﷺ دەكـات كە چەندەها ساڵ شوانی مەڕ بووە وەكـو مارەییەك بۆ ژن هێنانەكەی.

وە پێغەمبــەر ﷺ باســی ســلێمان ﷺ دەكـات كـە چـەندەها خێزانـی هـەبووە، دەفەرمووێت: سلێمانی كوڕی داود(عليهما الـــصلاة والـــسلام) فـەرمووی: دەبێـت ئەمـشەو بـچمە لای حـەفتا ئـافرەت، لـە ریوایەتێكی تردا سەد ئافرەت، بۆ ئەوەی هـەر ئافرەتێـك منـداڵێكی ببێـت و ببێتـە

سوارچاكێك و لەپێناو خوای گەورەدا جیهاد بكات، هاوڕێكەی واتە: فریشتە . پێی ووت: بڵێ: إن شاء الله ئەویش نەیووت وله بیری چوو، بۆیە ئافرەتەكان منداڵیان نەبوو تەنها یەكێكیان نەبێت كە نیو منداڵی بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سوێند بەو خوایەی كە گیانی منی بەدەستە ئەگەر بیووتایە إن شاء الله ئەوا هەموویان منداڵیان دەبوو هەموویشیان لە پێناو خوای گەورەدا جیهادیان دەكرد[١].

وە كاتێكیش چەند كەسێك هاتن بۆ لای خێزانەكانی پێغەمبەر ﷺ و پرسیاری خوا پەرستیان كرد وەكو بڵێی پێیان كەم بوو، بۆیە یەكێكیان ووتی، هەرگیز من ژن ناهێنم و لە ئافرەت نزیك نابمەوە تەنها خوا پەرستی دەكەم، پێغەمبەر ﷺ بۆی ڕوون كردنەوە كە ژن هێنان لە سوننەت و هیدایەتی ئەوە.

ففيالصحيحين عن أنس رضي الله عنه **أن نفرا من أصحاب النبي ﷺ قال بعضهم لا أتزوج النساء وقال بعضهم لا آكل اللحم وقال بعضهم لا أنام على فراش وقال بعضهم أصوم فلا أفطر، فبلغ ذلك رسول الله ﷺ فحمد الله وأثنى عليه ثم قال ما بال أقوام يقولون كذا وكذا لكني أصلي وأنام وأصوم وأفطر وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني..............)**[٢].

واتە: چەند كەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاریان لە خێزانەكانی پێغەمبەر ﷺ كرد دەربارەی خواپەرستی پێغەمبەر ﷺ لە نهێنیدا یەكێكیان ووتی: ژن ناهێنم. یەكێكی تریان ووتی: گۆشت ناخۆم، یەكێكی تریان ووتی: لەسەر نوێن ناخەوم. كە پێغەمبەر ﷺ ئەم قسانەی بیست، حەمدو سوپاسی خوای كرد و فەرمووی: چییە كەسانێك ئەم قسانەیان كردووە؟ بەڵام من نوێژیش دەكەم و دەیشخەوم، ڕۆژی وا هەیە بەڕۆژوم ڕۆژی وایش هەیە بەڕۆژوو نیم، وە ژنیش دێنم وەهەر كەسێك لە سوننەتی من دەرچێت و لابدات لە من نییە.

كە ئەگەر پێغەمبەران ژنیان هێنابێت و ژن هێنان لە سوننەتی ئەوان بێت كە

(١) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٧٢٠).

(٢) (صحيح سنن النسائي: ٣٢١٧).

ئـەوان لەهــەموو کـەس خواپەرسـت تـرو زاناترو سەرقاڵتر بوونـە، کەواتـە بـوار بـۆ هیچ کەسێك نییە کە لەژن هێنـان ڕابکـات و ژن نـەهێنێت بـە هـەر بیانویـەك بێـت. تــەنها ئــەوە نــەبێت کــە پێــچەوانەی سـوننەتی پێغەمبـەرانی کـردووە، یـاخود ڕێگرێکی تێدایە کە نایەڵێت ژن بهێنێت.

٣-خوای گەورە فەرمانی کـردووە بـە ژن هێنـان کـە دەفـەرمووێت: ﴿وَأَنْكِحُـــوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِـــنْ عِبَـــادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّـهُ مِـــنْ فَضْلِهِ﴾ [النور: ٣٢].

واتە: ئەوانەی کە بێ ژن وبێ پیاون ژنیان بـۆ بێـنن وبـە شـویان بـدەن لـە بەنـدە چــاکەکانتان، وە مەترســی هــەژاریتان نەبێت، چونکە ئەگەر هەژاریش بن خـوای گــەورە بــە فــەزڵ وچــاکەی خــۆی دەوڵەمەندتان دەکات.

٤- پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە ژن هێنـان کـە دەفـەرمووێت: (یــا معــشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء)(٣).

واتــە: ئــەی گــرۆی گــەنجان کــێ لــەئێوە توانـای هەیـە بـا ژن بهێنێـت، چـونکە ژن هێنان چاو و داوێن دەپارێزێت لە حـەرام، وە هەرکەسێکیش توانـای نـەبوو ئـەوا بـا بـەڕۆژوو بێـت، چـونکە ڕۆژوو قەڵغانــە و لەتاوان دەیپارێزێت.

٥-ژن هێنـان بەدەسـت هێنـانی باشـترین خۆشی دونیایە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (الدنيا كلها متاع وخير متاع الدنيا المرأة الصالحة)(٤).

واتە: دونیا هەمووی خۆشـییە و باشـترین خۆشی دونیا ئافرەتێکی ساڵحە.

وە دەفـەرمووێت: (ليتخذ أحدكم قلبــا شاكرا ولسانا ذاكرا وزوجة صالحة تعينه على أمر الآخرة)(٥).

واتە: با هەرکەسێك لە ئێوە ئەم شتانە بۆ خۆی دابین بکات: دڵێکی سوپاس گـوزار، وە زمانێکی زیکرکار، وە ئافرەتێکی چاك کە یارمەتیدەری بێت بۆ کاری دوا ڕۆژی.

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٧٩٧٥).
(٤) (صحيح الجامع الصغير: ٣٤١٣).
(٥) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢١٧٦).

٦–ژن هێنان نیوەی دینە. پێغەمبەر ¢ دەفەرمووێت: (من رزقه الله امرأة صالحة فقد أعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي)(٦).

واتە: هەر کەسێك خوای گەورە ئافرەتێکی ساڵحی پێ ببەخشێت ئەوا یارمەتی داوە لەسەر نیوەی دینەکەی، با تەقوای خوا بکات بۆ بەدەست هێنانی نیوەکەی تری.

وەدەفەرمووێت: (إذا تزوج العبد فقد استكمل نصف الدين فليتق الله في النصف الباقي)(٧) .

واتە: ئەگەر مرۆف ژن بهێنێت ئەوا نیوەی دینەکەی تەواو کردووە، با تەقوای خوا بکات بۆ بەدەست هێنانی نیوەکەی تری.

وە بۆیە ژن هێنان نیوەی دینە، چونکە پێغەمبەر دەفەرمووێت: (من يضمن لي ما بين لحييه وما بين رجليه أضمن له الجنة)(٨).

واتە: هەرکەسێك ئەوەی نێوان ڕیش و سمێڵی(دەمی) و ئەوەی نێوان هەردوو قاچی(دامێنی) مسۆگەر بکات ئەوا منیش بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم.

کە ئەگەر ژن بهێنێت دامێنی پاك دەبێت و دەیپارێزێت.

٧– هەروەکو چۆن پێغەمبەر فەرمانی بەژن هێنان کردووە وهانی داوە، لەهەمان کاتدا قەدەغەی ژن نەهێنانی کردووە .

سعدی کوڕی ابی وقاص دەفەرمووێت: (لقد رد رسول الله صلى الله عليه وسلم على عثمان بن مظعون التبتل ولو أذن له لاختصينا)(٩).

واتە: پێغەمبەری خوا قەدەغەی ژن نەهێنانی لە عوسمانی کوڕی مضعون کرد وە ئەگەر ڕێگەی پێ بدایە ئەوا ئێمە خۆمان دەخەساند و ژنمان ناهێنا.

٨– پێغەمبەر قەدەغەی زیادڕەوی کردنی پەرستنی کردووە لەسەر حسابی مافی خێزان و کەس و کار.

وعن عبد الله بن عمرو بن العاص قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: يا

(٦) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٩١٦).
(٧) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٩١٦).
(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٦٦١٧).
(٩) (صحيح سنن ابن ماجة: ١٨٤٨).

عبد الله ألم أخبر أنك تصوم النهار وتقوم الليل؟ فقلت: بلى يا رسول الله . قال: فلا تفعل صم وأفطر وقم ونم فإن لجسدك عليك حقا وإن لعينك عليك حقا وإن لزوجك عليك حقا وإن لزورك عليك حقا.................)[١٠] .

واتە: پێغەمبەر بە عبداللەی كوڕی عەمری كوڕی عاصی فەرمووی: ئەی عبدالله هەواڵم پێ دراوە كە تۆ بەڕۆژ بەڕۆژوویت و بەشەو شەو نوێژدەكەیت ئایا وایە؟ فەرمووی: بەڵێ وایە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: وانەكەیت، بەڵكو بەڕۆژوو بەو جار جار بەڕۆژوو مەبە، وە شەونوێژ بكەو بیش خەوە، چونكە لاشەت مافی هەیە بەسەرتەوە وەچاوەكانت مافیان هەیە بەسەرتەوە، وەخێزانت مافی هەیە بەسەرتەوە، وەمیوانەكانت مافیان هەیە بەسەرتەوە..........

كەئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەژن هێنان باشترە لە خۆلایەك لاكردنەوە بۆ پەرستن چ جا بۆشتی تر.

٩-ژن هێنان هۆكارە بۆ یارمەتی دان و پشتگیری كردنی خوای گەورە.

پێغەمبەر دەفەرمووێت: (ثلاثة حق على الله عز وجل عونهم: المكاتب الذي يريد الأداء، والناكح الذي يريد العفاف والمجاهد في سبيل الله)[١١] .

واتە: سێ كەس هەن خوای گەورە بەحەقی داناوە لەسەر خۆی كەیارمەتیان بدات: ئەو كۆیلەیەی دەیەوێت خۆی بكڕێتەوەو خۆی ئازاد بكات، وە ئەو كەسەی كە ژن دەهێنێت و مەبەستی داوێن پاكییە، وە ئەو كەسەی كە لە پێناو خوای گەورە دا جیهاد بكات.

١٠- ژن هێنان هۆكارە بۆ زیاد بوونی ئوممەتی پێغەمبەر كە دەفەرمووێت: (تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم)[١٢] .

واتە: ئافرەتانێكی خۆشەویستی مندالْ بوو بهێنن، چونكە من لە رۆژی قیامەتدا شانازی بەزۆریتانەوە دەكەم بەسەر ئوممەتەكانی تر.

---

(١٠) (مشكاة المصابيح: ٢٠٥٤).

(١١) (صحيح سنن النسائي: ٣٢١٨).

(١٢) (صحيح سنن أبي داود: ٢٠٥٠).

١١- ژن هێنان شوێنەوارێکی تەندروستی باشی هەیە، دوو زانای دەروون ناس لە زانکۆی شیکاغو ئامارێکی ووردکاریان ئەنجام دا دەربارەی چەند حاڵتێك لە شێت بوون کە پشکنینیان کرد بۆ ئەو کەسانەی کە چارەسەریان دەکەن بۆیان دەرکەوت کە لەنێوان هەر سەد کەسێکی شێتدا(٨٣)یان لە کچ و کوڕانن و (١٧) یان لە ژن و پیاوانن.™

هەروەها ڕێژەی تاوان لای گەنجان زیاترە وەك لەهاوسەرگیران کە لەیەکێك لە ئامارەکاندا دەرکەوتووە (٣٨) تاوانبار گەنجن لەبەرامبەر (١٧) هاوسەرگیر.™

١٢- لەگرنگترین مەبەستەکانی ژن هێنان و سوودەکانی پاراستنی نەفسە لە توشبوون و کەوتنە ناو تاوانەوە. پێغەمبەر دەفەرموێت: (ما ترکت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء)[١٣] .

واتە: لەپاش خۆم هیچ فیتنەیەکم بەجێ نەهێشتووە بەزیان تر بێت لەسەر پیاوان لە ئافرەت.™

وە ئەم شتە زیاتر دەردەکەوێت لەم سەردەمەی خۆماندا کە ئافرەتان زیاتر خۆیان دەڕازێننەوە و جوانی خۆیان دەردەخەن.™

١٣- ژن هێنان ئەجر و پاداشتی تێدایە، پێغەمبەر دەفەرموێت: (وفي بضع أحدكم صدقة، قالوا يا رسول الله أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟! قال: أرأيتم لو وضعها في الحرام أليس كان عليه وزر فكذلك إذا وضعها في الحلال يكون له أجر)[١٤] .

واتە: لە چوونە لای خێزانەکانتاندا خێرو سەدەقەتان بۆ دەنوسرێت، هاوەڵان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا کەسێك لەئێمە ئارەزووی خۆی تێر دەکات و پاداشتی دەست دەکەوێت؟! فەرمووی: بەڵێ ئایا لە حەرامدا بەکاری بهێنێت تاوانبار نابێت، بەهەمان شێوەش ئەگەر لە حەڵاڵدا بەکاری بهێنێت پاداشتی دەست دەکەوێت.™

١٤- ژن هێنان هۆکارێکە بۆ منداڵ بوون کە لەپاش مردنی دایك و باوك ئەو

(١٣) ( صحيح الجامع الصغير: ٥٥٩٧).

(١٤) ( صحيح الجامع الصغير: ٢٥٨٨).

منداڵانە ئەگەر ساڵح وخواپەرست بن ئەوا دەبنە خێر و خۆشی بۆ دایك و باوكیان و بەردەوام كردەوەی چاكیان بۆ دایك و باوكیان دەڕوات بەبێ ئەوەی لە كردەوەی چاكی خۆیان كەم بكاتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له)[١٥].

واتە: ئەگەر مرۆڤ بمرێت ئەوا كردەوەكانی دەپچڕێت و هیچ خێری بۆ ناچێت تەنها لەم سێ ڕێگایەوە نەبێت: سەدەقەو خێرێكی نەبڕاوە، یاخود زانیارییەكی بڵاو كردبێتەوە خەڵكی لەپاش خۆی سودی لێ ببینن، یاخود منداڵێكی ساڵحی لەپاش خۆی بەجێهێشتبێت دوعای خێری بۆ بكات. بەڵكو دوعای خێرو داوای لێخۆشبوونی بۆ دایك و باوكی لە بەهەشتدا پلەو پایەیان بەرزدەكاتەوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (إن الرجل لترفع درجته في الجنة، فيقول: أنى لي هذا؟! فيقال: باستغفار ولدك لك)[١٦].

واتە: پیاوێك لە بەهەشتدا پلەو پایەی زۆر بەرز دەكرێتەوە، خۆی پێی سەیرەو دەڵێت: ئەی پەروەردگار خۆ من ئەوەندە كردەوەی چاكم نەبوو، ئێستا ئەم هەموو پلە بەرزیە چییە؟! پێی دەووترێت: ئەوە بە داوای لێخۆشبوونی منداڵەكەتە.

## سەلەف و ژن هێنان

چونكە سەلەف شارەزابوون لەسوننەتی پێغەمبەر كاریگەری هەبووە لەسەریان لەهەموو ژیانیاندا، لەوانە لەژن هێنانیان كە بایەخیان پێداوە و جێگەی گرنگی پێدان بووە لەلایان.

سەعیدی كوڕی جوبەیر دەفەرمووێت: عبداللەی كوڕی عباس پێی ووتم. ئایا ژنت هێناوە؟ ووتم: نەخێر. فەرمووی ژن بهێنە، چونكە باشترینی ئەم ئوممەتە ئەو كەسەیە كەژنی زیاتر هێنا بێت[١٧].

وە لەڕیوایەتی احمد بن منیع دەفەرمووێت: ئەمە كاتێك بوو پێش ئەوەی ڕیش دەربكەم (واتە: بەگەنجی).

---

(١٥) (إرواء الغليل: ١٥٨٠).

(١٦) (صحيح الجامع الصغير: ١٦١٧).

(١٧) (رواه البخاري).

وه شەدادی كوڕی ئـەوس كەچـاوی كـوێر ببوو دەيفـەرموو: ژنم بـۆ بهێـنن، چـونكە پێغەمبـەری خـوا وەسـێتی بـۆ كـردووم كەبەبێ ژن نەگەم بەخوای گەورە.

وە معـاز j لەنەخۆشـی سـەرەمەرگدا دەيفـەرموو: ژنم بـۆ بهێـنن چـونكە پـێم ناخۆشە بەبێ ژن بگەم بەخوای گەورە.

وە مەيسەرە دەفـەرمووێت: تـاوس پێـی ووتم: يان ئەبێ ژن بهێنيت يان ئەوەت پێ دەڵێم كـە ئيمـامی عمـر بـە ابـی الزوائـری ووت: تۆ بۆيە ژن ناهێنيت يان توانـای ژن هێنانـت نييـە(جمـاع) يـاخود لەخراپـەو تاوانـدا ئـارەزووت تێـر دەكـەيت. وە لـە تاوسـەوە گێڕڕاوەتـەوە كـە فەرموويەتی: خـوا پەرسـتی گـەنج تـەواو نابێت تا ژن نەهێنێت.

وە ابن مسعود دەفەرمێت: ئەگەر نـەژيم، ياخود دە ڕۆژ لەدونيادا بژيم پـێم خۆشـە لـەو دە ڕۆژەدا ژنم هـەبێت.

ئيمامی احمد دەفەرمووێت: ئەگەر خەڵكی وازيان لە ژن هێنان بهێنايە نەغـەزا دەمـا نەحـەج نـە.... وەپێغەمبـەر ڕۆژی دەكردەوە هيچ نەبوو بيخـوات كـەوەفاتی كرد نۆ ژنی لەپاش خۆی بەجێهێشت، وە ژن هێنـانی هەڵدەبـژاردوو هـانی دەداو قەدەغەی ژن نەهێنانی دەكرد، بۆيە هـەر كەسـێك لەسـوننەتی پێغەمبـەر لابـدات ™ئەوا لەسەر حەق نييە.

وە يعقـوب لـە كـاتی غـەم و پەژارەكەيـدا ژنی هێناو منداڵی بوو.

™وە پێغەمبەر فەرموويەتی:

(حبـب إلي الطيـب والنـساء)[١٨].

واتە: بـۆنی خـۆش وئافرەتـان لـەلای مـن خۆشەويـست كـراون.

وە ابـن قدامـە لـە ئيمـامی احمـد ™دەگێڕێتەوە كە فەرموويەتی:

واتە: هەر كەسێك بانگی كرديت بـۆ جگـە لە ژن هێنان ئەوا بانگی كردوويت بۆ جگە لە ئيسلام.

وە عبـدالمومن المغربـی دەفـەرمووێت: پياوی بێ ژن وەكو پێی بـێ پـێڵاو وايـە.

وە ژن نەهێنان كليلی زينا كردنە، وە هەر كەسـێك ژن بهێنێـت ئـەوا هەنـدێك لەشـەيتانەكانی بەسـتۆتەوەو زاڵ بـووە بەسەرياندا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

(١٨) (مشكاة المصابيح: ٥٢٦١).